دکتورسالح ئیبراهیمی



# سوورەی برووج ٢٢ ئایەتە

## سوورەی برووج لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە ئاسمان کە کەلوو و برج و کۆشکی زۆری هەیە ﴿١﴾ سوێند بە ڕۆژی بەڵێن پێدراوی دیاریکراو ﴿٢﴾ سوێند بە شایەدیدەر (پێغەمبەر)، ئەوەی شایەدی لەسەر ئەدرێ یا بینەر و بەوەیش کە دێتە بەرچاو ﴿٣﴾ کوژران خاوەنی خەندەک لێدەران و چاڵ ﴿٤﴾ هەر ئێڵەی بوو گڕی بەرزی ئاگری بڵێسەدار لە دار و چرپی ئاگربەران ﴿٥﴾ کاتێ ئازاردەران لای ئاگرەکە دانیشتبوون (و چاوەڕوانی ئازاردان بوون) ﴿٦﴾ چاوەدێری ئەو کارانەیش بوون کە لە بارەی بڕوادارەکانیان دەکرد ﴿٧﴾ تەنیا بۆیەش لەوانە بە ڕقدا چووبوون، هەر چونکا بڕوایان بە خوای فرە بەدەسەڵاتی حەمید هێنا ﴿٨﴾ ئەو خوایەی کە موڵک و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی تایبەت بەوە، خوا ئاگای لە هەموو شتێک هەیە ﴿٩﴾ ئەوانە کە پیاوانی بڕوادار و ژنانی بڕوادار‌یان ئازاردا (و سووتاندیان) و تۆبەشیان نەکرد، هەر بۆ ئەوانە عەزابی دۆژەهـ، هەر بۆ ئەوانیشە تەواو سوتاوی شواتەی عەزابی سووتێنەر ﴿١٠﴾ بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان ئەنجام داوە، بەهەشتگەلێ هەیە کە ئاو بە بن دارەکانیدا تێدەپەڕێ، ئەمە سەرکەوتێکی گەورەیە ﴿١١﴾ قار و قینگرتن و هەڵمەت بردنی پەروەرێنەرت زۆر سەختە ﴿١٢﴾ هەر ئەوە کە لە سەرەتاوە دەس ئەکا بە بەدیهێنان، هەر ئەویشە دوای مەرگ زیندوو دەکاتەوە و دەگێڕێتەوە ﴿١٣﴾ هەر ئەویشە بەخشەر و پرفیان و میهرەوان ﴿١٤﴾ خاوەنی تەختی بەقەدر و چاکە ﴿١٥﴾ فرە بەکارە هەرچی بیەوێ، ئەنجامی ئەدا ﴿١٦﴾ ئایا قسە و باسی شەڕ و لەشکرت پێ گەییوە و بیستووتە ﴿١٧﴾ لەشکری فیرعەون و سەموود ﴿١٨﴾ بەڵێ، ئەوانەی کە کافر بوون، هەروا لە بەدرۆ خستنەوەی هەقدان ﴿١٩﴾ خوا لە لای پشتەوەیانڕا دەوری داون ﴿٢٠﴾ (ئەمە جادوو یا درۆ نییە) بەڵکوو قوڕئانی شەریف و چاکە ﴿٢١﴾ کە لە تەتەڵەی پارێزراودایە ﴿٢٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi